Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090312

# هۆکارەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە.

## (توێژینەوەیەکی مەیدانی لە قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان)

کریم مدحت حاتم

بەشی دەروونناسی// کۆلێجی پەروەردەی // زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتی بوو لە ناسینی گرنگترین ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان هەیە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەورنی و کۆمەڵایەتی . کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە هەموو توێژەرانی قوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان(سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی) . نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٧٩) توێژەر کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران، توێژەر بۆ کوکردنەوەی زانیاری هەستا بە درووست کردنی ڕاپرسیەک کە لە ١٩ پرسیار پێک هاتبوو. پاش دڵنیا بوون لە ڕاستگۆیی ڕاپرسیەکە کە ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزاکان (١٠٠%) بوو، و جێگیریەکەی کە ڕێژەکەی (866.) بوو، بەکار هێنرا لە گەڵ نمونەی توێژینەوەکە. بەرنامەی spss ڤێرژنی ٢٣ بەکارهێنرا بۆ پولێن کردن و ڕێکخستنی و خستنە ڕووی دەرئەنجامەکان. توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەشت کە بە پێی زورینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەکەی (76.71%) بوو، زوربەی هۆکارە باس کراوەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی گەرمیان.

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

ڕێنمایی دەرونی، ڕۆڵ، توێژەری دەرونی، توێژەری کۆمەڵایەتی

*Corresponding Author*

Karim.medhat@garmian.edu.krd

## پێشەکی

لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا قوتابخانەکان ڕووبەڕووی چەندین قەیران و گیروگرفتی جۆراو جۆر دەبنەوە وەک کەلتوری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی . ئەم قەیران و گیروگرفتانە کاریگەری نەرێنی دروست دەکەن لەسەر پرۆسەی خوێندن و فێربوون (غیث ، ٢٠١٧).

بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو کێشە و گیروگرفتانە بە شێوازێکی کاریگەر پێویستە گەشە بدرێت بە ڕۆڵی هەموو ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن وەک بەڕێوەبەر و مامۆستا و چاودێری پەروەردەیی و توێژەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان (عوض ، ٢٠٠٣).

توێژەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر دەگێڕن لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو جۆرە کێشە و گیروگرفتانە ئەگەر لە بنەڕەتدا بە شێوازێکی زانستی و پێویست ئامادەکرابن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵە(هەمان سەرچاوە).

خزمەتگوزاری ڕێنمایی دەروونی و کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بەرزترین وە کاریگەرترین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی خوێندکاران دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کێشە و گیروگرفتەکانیان وە چارەسەرکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری ڕۆژانەیان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە بە شێوازێکی تەندروست (ابویوسف، ٢٠٠٨).

چونکە ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن تەنها پێدانی زانیاری نیە بە خوێندکاران بەڵکو ئامانجی پرۆسەکە بە گشتی بریتیە لە گرنگیدان بە گەشەکردنی مرۆڤەکان لە ڕووی جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و پیشەیی، بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین پلە لە گەشە بە شێوازێکی گشتی( هەمان سەرچاوە).

ڕێنمایی پەروەردەیی بریتیە لە یارمەتیدانی خوێندکار بۆ هەڵبژاردن و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو بوارەی کە گونجاوە لەگەڵ کەسایەتی و تواناکانی (الحریری و الائیمامی، ٢٠١١).

کۆمەڵەی زانستی دەروونی ئەمریکی وا پێناسەی ڕێنمایی دەروونی دەکات کە بریتیە لە پرۆسەیەک کە ئامانجی یارمەتیدانی تاکەکانە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی گەشەی کەسایەتیان هەروەها بۆ بەدەستهێنانی باشترین گەشە لە کەسایەتییان(ابو زعزیزع، ٢٠٠٩).

بلوچر( ١٩٦٦) وا پێناسەی ڕێنمایی دەروونی دەکات کە بریتیە لە پرۆسەی کارلێکردن لە نێوان ڕێنماییکەر و ڕێنماییکار بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی چەمکی خود لە لای ڕێنماییکراو بۆ تێگەیشتن لەو ژینگەی کە تێیدا دەژێت بەمەبەستی یارمەتیدانی بۆ دانانی ئامانجەکانی بۆ داهاتوو ( هەمان سەرچاوە).

بیترۆفیسا( ١٩٧٨) وا پێناسەی ڕێنمایی دەکات کە بریتیە لە پرۆسەیەک کە تێیدا ڕێنماییکار هەوڵدەدات یارمەتی کەسێکی تر بکات کە ڕێنماییکراوە بۆ تێگەیەشتن لە خودی خۆی و وەرگرتنی بڕیار و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان( هەمان سەرچاوە).

پاترسۆن( ١٩٨٦) وا پێناسەی ڕێنمایی دەروونی دەکات کە بریتیە لە ڕێکخستنی چاوپێکەوتنێک لە شوێنێکی تایبەت لە نێوان کەسێک کە خاوەن شارەزاییە لە ڕێنماییکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسێک کە ڕێنماییکراوە و پێویستی بە خزمەتگوزاری ڕێنماییکردنە بۆ ناسینەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی کە ڕێگر دەبن لەبەردەم گەشەکردنی ڕێنماییکراو چی لە ڕووی پیشەیی یا شارەزایی یان کەسایەتیەوە بێت (هەمان سەرچاوە).

بە بۆچونی کارخۆف(١٩٦٧) ڕێنماییکاری دەروونی بریتیە لە کەسێک کە خاوەنی زانین و ڕاهێنانە لەسەر یارمەتیدانی کەسانی تر بۆ خۆگونجاندنی دەروونیان، وە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە لەوانە نهێنی پارێزە، وردکارە، کراوەیە، بابەتیە لە زۆربەی کارەکانی (الاسدی وابراهیم، ٢٠٠٣ دەڕوانرێتە الشرفا ، ٢٠١١).

هەروەها کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕێنمایکارانی دەروونی پێناسەی ڕێنمایکاری دەروونی لە دەزگا فێرکارییەکان وا دەکات کە بریتیە لە پیشەکارێکی پسپۆڕ کە ئەرکی یارمەتیدانی هەموو خوێندکارانی دەکەوێتە ئەستۆ لە ڕووبەڕوبونەوەی پێداویستیەکانی گەشەکردنیان وە هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (هەمان سەرچاوە).

### ئامانجەکانی ڕێنمایی پەروەردەیی

ئامانجەکانی ڕێنمایی پەروەردەیی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی بە شێوەیەکی گشتی لەلایەک، وە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە لەلایەکی تر کە دەکرێت لەم خالانەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە:

١. خۆ گونجانی ئەکادیمی، ڕێنمایی پەروەردەی هەوڵی یارمەتیدانی خوێندکار دەدات بۆ سەرکەوتن لەبواری پەروەردەیی ئەویش لە ڕێگای ناسینەوەی خوێندکاران وە یارمەتیدانیان بۆ هەڵبژاردنی دروست بۆ ئەو بوارەی کە دەکرێت تێیدا سەرکەوتووبن. وە هەروەها یارمەتیدانیان بۆ بەردەوام بوون لە پرۆسەی خوێندن ئەویش لە ڕێگای بەدواداچونی بەردەوام بۆ بارودۆخی خوێندکاران (الاسدی وابراهیم،٢٠٠٣ دەڕوانرێتە الشەرفا،٢٠١١).

٢. بە دەستهێنانی تەندروستی دەروونی، کە بریتیە لە ڕزگارکردنی تاک لە دڵەڕاوکێ و ترس وە تێکچونە دەروونیەکان واتا وا لە تاک بکرێت کە ژیانێکی ئاسایش بکات لە ڕێگای یارمەتیدانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی (العزە، ٢٠٠٦ دەڕوانرێتە الشرفا، ٢٠١١).

٣. چارەسەرکردنی کێشەکان، واتا یارمەتیدانی خوێندکار بۆ تێپەڕاندنی کێشەکانی بە شێوازێکی ڕاست و دروست و ڕێکخراو بە شێوەیەک کە بتوانێت لە داهاتوو سەرکەوێت بەسەر کێشەکانی هەروەها دابەشکردنی خوێندکاران بە پێی ئامادەیی و توانا و حەز و ئارەزووە تاکەکەسیەکانیان وە یارمەتیدانیان بۆ هەڵبژاردنی جۆری خوێندنی ئێستا و داهاتوویان ( ربیع، ٢٠٠٥ دەڕوانرێتە الشرفا،٢٠١١).

٤. یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ ناسینەوەی تواناکانیان و ئامادەییەکانیان وە گەشەکردن بۆ بەرزترین ئاست وە هەڵبژاردنی جۆری خوێندنیان و خۆگونجان لەگەڵیان وە سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێتە سەر ڕێگاکەیان ( الاسدی و ابراهیم، ٢٠٠٣ دەڕوانرێتە الشرفا، ٢٠١١).

٥. ئامانجێکی تری ڕێنماییکردنی دەروونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان بریتیە لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە بۆ ئەوەی ببنە تەواوکەری یەکدی وە کارکردن بۆ دۆزینەوەی خاوەن بەهرەکان وە ئەوانەی کەسانی ئاسایین وە ئەوانەی کە گرانی فێربونیان هەیە وە دانانی پلانی گونجاو بۆ هەر یەکێک لەو گروپانە بە هاوکاری ماڵ و قوتابخانە (الشرفا، ٢٠١١).

٦. کارکردن بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی وە بەرز نرخاندنی داهێنان لە ڕێگای ڕاهێنانی خوێندکاران بە شێوەیەک کە گەشە بە توانا کەسی و داهێنانەکانیان بدات (العبیدی و العبیدی، ٢٠١٠).

٧. هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەسایەتیەکی تەواو و هاوسەنگ لە رووی بیرکردنەوە ڕەوشتەوە بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لە گەڵ ئاراستەکانی کۆمەڵگاکەی ( هەمان سەرچاوە).

٨. کارکردن لەسەر گەشەپێدانی ڕوحی هاوکاری لەنێوان خوێندکاران ( هەمان سەرچاوە).

٩. یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ خۆگونجاندنی کەسێتی و ئەکادیمی وە فەراهام کردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ ئەو گەشەکردنە (هەمان سەرچاوە).

تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکاری دەروونی(نبهان، ٢٠١٥):

١-گرنگیدان بە ڕوخساری دەرەوە لە ڕێگای پۆشینی جل و بەرگی گونجاو وە گرنگیدان بە پاک و خاوێنی گشتی.

٢-ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، وە دورکەوتنەوە لە دووڕوویی و هەڵخەڵەتاندن.

٣-توانای هەبێت لە سەر دروستکردنی پەیوەندیەکی باش و تەندروست لەگەڵ کەسانی تر.

٤-هێمن و لەسەرخۆ و دڵفراوان بێت بە شێوازێک کە بڕیاری خێرانەدات لەسەر بابەتەکان.

٥-هاوسەنگی هەڵچوونی هەبێت وە توانای هەبێت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵچونەکانی بەشێوازێکی لۆجیکی وە خۆکۆنترۆڵکردن بەشێوازێک ڕێگە نەدات هەڵچونەکانی کەسانی تر برینداربکات.

٦-گوێگرێکی باش بێت وە قسە بە ڕێنماییکراو نەبڕێت وە هەوڵی ئەوە نەدات کە هەڵە لە قسەکانی ڕێنمایکراو بدۆزێتەوە وە توانای هەبێت لەسەر پەیوەندیەکی پۆزەتیف و کاریگەر.

٧-خودی خۆی بناسێت وە توانا و ئامانجەکانی لە ژیان بناسێتەوە.

٩-خاوەن بیرکردنەوەیەکی کراوە بێت بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گۆڕانکاری بەمەبەستی گەشەکردنی باش بەڕێگایەکی باش و بەردەوام.

١٠-خوێنەرێکی باش بێت وە بەدواداچونی بەردەوامی هەبێت بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بواری پەروەردەیی ڕوودەدەن بەشێوەیەکی گشتی وە لە بواری پسپۆری خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی.

١١-توانای هەبێت لەسەر هاوکاریکردن و بەژداریکردن لەگەڵ هاوپیشەکانی تری.

١٢-دەم بە خەندە و گەشبین بێت.

١٣-ڕێز لە بۆچوونی جیاواز بگرێت وە توانای هەبێت لەسەر قبوڵکردنی ڕەخنە وە داننان بە هەڵەکانی.

١٤ -توانای هەبێت لەسەر بەکارهێنانی شێواز و تەکنیک و ستراتیجیەتی جۆراوجۆر.

١٥ -خاوەن ڕۆشنبیریەکی گشتی و فراوان بێت.

١٦ -دووربێت لە ڕوحی لایەنگری بۆ کەسێک یان گروپێک یان بیروباوەڕێکی تایبەت.

١٧-شارەزایەکی باشی لە ڕەوشتەکانی پیشەیی هەبێت.

١٨-باوەڕی تەواوی بە پیشەکەی هەبێت وە ڕێزی لێبگرێت.

١٩-توانای دروستکردنی متمانەی هەبێت لەگەڵ ڕێنماییکراو.

٢٠-تێگەیشتنێکی باشی هەبێت بۆ داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی وە ڕێزی لێبگرێت.

٢١-شارەزاییەکی باشی هەبێت لە تیۆرەکانی ڕێنماییکردن و شێوازەکانی، وە چۆنییەتی کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردنی.

٢٢-بەردەوام بێت لەگەشەی پیشەیی لە ڕیگەی بەژداریکردن لە خولەکانی ڕاهێنان وە بەژداریکردن لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپەکان.

٢٣-شارەزایی باشی هەبێت لە زانستی دەروونی منداڵ و هەرزەکار و پێگەیشتوو وە هەروەها شارەزایی هەبێت لە تیۆرە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردن.

٢٤-ڕێز لە کات بگرێت وە بەشێوەیەکی باش کاتەکانی بەڕێوە ببات.

٢٥-سوود لەشارەزایی و تاقیکردنەوەی کەسانی تر ببینێت.

٢٦-حەز بە تیکەڵ بوون لەگەڵ خەڵک بکات وە حەز بە یارمەتیدانیان بکات .

ڕۆڵی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان:

توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەبینن لە قوتابخانەکان ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بە خوێندکاران بە بێ جیاوازی. وە هەروەها خزمەتگوزاری دەروونی بە دەستەی قوتابخانە پێشکەش دەکەن، هەر لە بەڕێوەبەر و مامۆستا و فەرمانبەرەکان تا دەگات بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە قوتابخانەکە بوونیان هەیە ئەویش لە ڕێگای دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە و کارا بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە(عبد العظیم،2013).

لە هەموو قوتابخانەیەک دەبێت جەخت بکرێتەوە لەسەر گرنگی بوون و ڕۆڵی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی کە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ڕێنمایی و چارەسەری دەروونی بە هەموو خوێندکاران ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی وە چارەسەرکردنی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە نێو خوێندکاران وە چارەسەرکردنی هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە گونجاو نیە لە ژینگەی قوتابخانە وەک پشتگوێ خستنی ئەرکەکانی قوتابخانە وە هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی ئیرەیی بردن لە ناو خوێندکاران وە هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی نەگونجانی دەروونی وە لاوازی بە دەستهێنان وە گرانی فێربوون هەروەها چارەسەرکردنی نەریتە ڕەفتاریە هەڵەکان کە جێگەی قبوڵ کردن نییە وەک قرتاندنی نینۆک و مژینی پەنجە وە میزبەخۆداکردنی نەخوازراو وە هەروەها دڵەڕاوکێ و ترس لە تاقیکردنەوەکان (هەمان سەچاوە).

بۆ کاراکردنی ڕۆڵی ڕێنمایکاری دەروونی لە قوتابخانە بە بۆچوونی عبد العظیم (2013) پێویستە :

١-پەیوەستبوونی تەواو هەبێت بە ڕێکارە ڕەوشتیەکان کە ئیش و کاری ڕێنمایی کاری دەروونی ڕێکدەخات.

٢-پەیوەست بوون بە هەموو ئەو میکانیزم و ستراتیجیانەی کە لە ڕێگایەوە خزمەتگوزاری دەروونی و پەروەردەیی پێشکەش دەکرێت وە شارەزایی بوون لە هەموو پرۆگرامەکانی ڕێنمایی و ئاراستەکردنی دەروونی.

٣-پێویستە ڕێنماییکاری دەروونی شارەزایی هەبێت لە شێوازەکانی فێربوونی چالاکی وە داهێنانی ژمارەیەکی باش لە ئامرازە فێرکارییەکان و هەروەها شارەزایی هەبێت لە ڕێگای وانەوتنەوەکان کە باوە وەک (ڕێژنەی بیر، وانەبێژی، ڕۆڵگێڕان، یارییە فێرکارییەکان، گروپی کار، گفتوگۆ و دیالۆک،..هتد) ، هەروەها بەکارهێنانی ڕێگای سایکۆ دراما، تەواوکردنی چیرۆکە ناتەواوەکان، دۆزینەوەی بەشە ونبوەکانی وێنەیەک وە هەروەها چارەسەر بە وێنەکێشان و هونەر، وە زۆرێک لەو ئامرازانەی کە مامۆستای ئاسایی بەکاریان ناهێنێت

٤-لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە تاکەکەسیەکان کە هەندێکجار خۆیان بە خۆیان سەرداندەکەن یان هەندێکجار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بۆیان دەنێردرێن یان لەوانەیە لە هەندێک قوتابخانە سندوقی ڕێنمایکردنی دەروونی هەیە کە خوێندکاران دەتوانن بە نامە داوای ڕێنمایی دەروونی بکەن وە پاش ئەوەی ڕێنماییکاری دەروونی دەیخوێنێتەوە دەتوانێت لە ڕێگای گۆڤاری سەر دیواری قوتابخانە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

٥-لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە خێراکان کە هەندێکجار تەنها حاڵەتێکی خێرایە و ڕەنگە دووبارەنەبێتەوە.

٦-کاراکردنی گروپی پەروەردەیی دەروونی کە ڕێنمایکاری دەروونی دروستی دەکا بۆ ئەوەی ببێت بە ئەڵقەی پێگەیاندنی هەریەک لە ڕێنماییکاری دەروونی وە هەموو ئەو کەسانەی لە قوتابخانەکەن بە خێزان و کۆمەڵگای دەرەوە.

٧-بەشداریکردنی ڕێنماییکاری دەروونی وکۆمەڵایەتی لە چەند گروپێکی سەرەکی لە ناو قوتابخانە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو کێشانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕوی خوێندکار ببێتەوە وە هەوڵدان بۆ دانانی چارەسەری گونجاو بە پێی گرنگیان، ئەو کێشانەش بریتین لە (هەڵهاتن لە قوتابخانە، شەڕەنگێزی، دواکەوتنی خوێندن، بەکارهێنانی وشەی نەگونجاو، ئاژەوەگێڕی، پشتگوێ خستنی ڕواڵەتی دەرەوە، لەبیرچوونەوە، فکرچوون،خەونی بە ئاگایی، عینادی، دزین، شەرمی کۆمەڵایەتی، ڕاهاتن وهتد..).

٨-دروستکردنی پرۆگرامی دەروونی جۆراوجۆر بۆ نموونە دەربارەی (کێشەکانی هەرزەکاری و کاریگەری لەسەر بەدەستهێنان لە خوێندن. چاندنی بەهایەکی ڕەوشتی پۆزەتیڤ لەلای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی وەک (نەخێر بۆ توندوتیژی وە بەڵێ بۆ گفتوگۆ کردن، هونەری هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵک، باوەڕبەخۆبوون، بنەماکانی خوێندنی کاریگەر، کێشەکانی منداڵی، گەشەپێدانی تواناکانی داهێنان، توانا لەسەر وەرگرتنی بڕیار، چۆن ناخی خۆت دەربڕی، چۆن سەرکەوی بەسەر ماندووبون، توندوتیژی و توڕەبوون ڕووخێنەری پەیوەندیەکانە و هتد..).

٩-دانان و ڕێکخستنی پروگرامەکانی ڕێکخستنی ڕەفتار، ئەویش لە شێوەی چەند دانیشتنێکی ڕێنماییکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەک (دڵەڕاوکێ، شەرم،توندوتیژی، گۆشەگیری، درۆکردن، بەکارهێنانی زارەوەی نەشیاو).

١٠-دانانی پرۆگرامی گەشەپێدان بۆ خزمەتکردنی توێژە تایبەتەکان وەک (بەهرەدارەکان، ئەوانەی دواکەوتنی خوێندنیان هەیە، زیرەکەکان، خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، ئەوانەی کێشەی ئەقڵییان هەیە) هەروەها گەشەپێدانی زیرەکی جۆراوجۆر.

١١-ڕێنمایکار کۆمەڵێک ئامرازی پێوانەکردنی ستاندارد بەکاردەهینێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە دەروونیەکان یان هەندێک جار ڕێنماییکاری دەروونی خۆی ڕاپرسیەک دروست دەکات بەپێی ئەو پێوەرانەی کە ڕاهێنانی لەسەر کردووە لە خوێندنە ئەکادیمیەکەی وە هەروەها دەبێت یارمەتیدەربێت بۆ دامەزراندنی بنەماکانی چاوپێکەوتن و تێبینی کردن.

١٢-ڕێنمایکاری دەروونی یەکێکە لە گرنگترین ئەو کەسانەی کە تیمی ڕاهێنان لێی پێکدێت، کاری ئەم یەکەیە بریتیە لە ئەنجامدانی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی لە سروشتی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی خوێندکار تێبگەن وە بەپێی ئەو قۆناغانە وانە بڵێنەوە وە هەروەها مامۆستا ڕابهێنن لەسەر بەکارهێنانی ڕێگای جیاواز وە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خوێندکاران بەبێ بەکارهێنانی سزا یان توندوتیژی.

١٣-ڕێنمایکاری دەروونی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕاهێنان بۆ خاوەنی خوێندکارەکان وە ئاگەدارکردنیان لە بنەما تەندروستیەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وە چۆنیەتی هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ هەرزەکار هەروەها چۆنیەتی سەرکەوتن بەسەر ئەو هۆکارانەی کە وا دەکات کوڕ و کچان خۆیان بە دووربگرن لە قسەکردن لەگەڵ دایک و باوکان وە دانانی پلانێکی خوێندن بۆ هاوبەش کردنی خاوەنی خوێندکار بۆ سەرکەوتن بەسەر دواکەوتنی خوێندن.

١٤-دروستکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی دەروونی و هەروەها دروستکردنی هەندێک بڵاوکراوەی دەروونی و دابەشکردنی بەسەر خوێندکاران وەک جۆرێک لە ڕێنمایکردنی دەروونی.

١٥-ڕێکخستنی هەندێک ڕۆژ بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی ڕۆشنبیری لەنێوان گروپی پەروەردەیی دەروونی لە قوتابخانە جیاوازەکان  وەک ڕێکخستنی پیێشبڕکێ لەنێوان خوێندکاران.

١٦-ڕێنمایکاری دەروونی هەڵدەستێت بە هاوکاریکردنی خوێندکاران بۆ دۆزینەوەی بەهرە لە ناخی خۆیان وە گەشە پێدانی لە ڕێگای هاندان و ڕێگە خۆشکردن بۆ گەشەکردنی.

١٧-دروستکردنی دۆسێ بۆ هەر خوێندکارێک کە باسی کێشەکانی و توانا ئەکادیمیەکانی و شارەزاییەکانی و حەز و ئارەزووەکانی تێدابێت.

١٨-چالاککردنی ڕێنمایکردنی بە کۆمەڵ لە ڕێگای کۆڕ و سیمینار و ڕادیۆی قوتابخانە و ڕۆژنامەی قوتابخانە ئەگەر هەبێت

هەندێک تێگەیشتنی هەڵە لە ڕێنمایکردنی دەروونی

یەکێک لە کێشە گەورەکان کە ڕووبەڕووی ڕێنمایکردنی دەروونی دەبێتەوە لە قوتابخانەکان بریتیە لە تێگەیشتنی هەڵە لەو ڕۆڵە. ئەم هەڵە تێگەیشتنە لە ئاستی حکومەتەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دایک و باوکی خوێندکار. لە زۆر وڵات حکومەت و وەزارەتی پەروەردە و خوێندن بە گرنگیێوە ناڕوانننە ڕۆڵی ڕێنمایکردنی دەروونی و پەروەردەیی.  لە زۆر قوتابخانەش بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بەباشی لەو ڕۆڵە تێناگەن، هەروەها زۆرجار دایک و باوکان و خاوەنی خوێندکار بەهەڵە لەو ڕۆڵە تێدەگەن ئەمەی خوارەوە هەندێک لەو تێگەیشتنە هەڵانەیە کە لەبارەی ڕۆڵی ڕێنمایکاری دەروونی هەیە:-

١ -هەندێک کەس پێیان وایە کاری ڕێنمایکاری دەروونی لە قوتابخانەکان ئاسانە وە هەرکەسێک دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت بۆیە هەندێکجار ئەو ڕۆڵە دەدرێت بە کەسانێک کە پسپۆڕ نین لەو بوارە ئەمیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی کاری ڕێنمایکاری دەروونی.

٢ -هەندێ کەس پێیان وایە خزمەتگوزاری ڕێنمایکردنی دەروونی تەنها بۆ ئەو کەسانە پێشکەش دەکرێت کە نەخۆشن لە ڕووی دەروونیەوە کە ئەمەیش ڕاست نیە چونکە خزمەتگوزاری ڕێنمایکردن پێشکەش دەکرێت بە هەموو تاکێک ئەگەر نەخۆش بێت یانا، هەروەها پێشکەشدەکرێت بە خێزانی خوێندکارەکان بۆ ئەوەی بەیەکەوە ڕێگربن لە تووش بوونی خوێندکارەکانیان بە نەخۆشی دەروونی.

٣ -هەندێ کەس پێیان وایە ڕێنمایکاری دەروونی چارەسەرکەری کێشەکانە، ئەمیش ڕاست نیە چونکە ڕێنمایکاری دەروونی هاوکاری ڕێنمایکراو دەکات بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی و لەو کێشانەی کە بە دەستیەوە دەنالێنێت وە دۆزینەوەی تواناکانی و حەز و ئارەزووەکانی وە پاشان ئاراستەکردنی بۆ خزمەتکردنی ئەو جۆرە لە خوێندن کە دەگونجێت لەگەڵیان.

٤ -هەندێ کەس پێیان وایە کە جیاوازی نیە لەنێوان ڕێنمایکردن و چارەسەرکردنی دەروونی وە ئەمەش ڕاست نیە چونکە چارەسەری دەروونی وە بەتایبەت کاتێک بە دەرمان دەبێت، تەنها ئیشی پزیشکی دەروونیە بەڵام خزمەتگوزاری ڕێنمایکردنی دەروونی دەکرێت کەسێک پێشکەشی بکات کە خاوەن بڕوانامە بێت لەو بوارە وە ڕاهێنانی پێکرابێت لەسەر ئەو کارە.

٥ -هەندێ کەس پێیان وایە کە ڕێنمایکراو نەخۆشەوە و پێویستی بە پزیشکی دەروونیە وە ئەمەش بۆچونێکی هەڵەیە دەربارەی ڕێنمایکردن، چونکە ڕێنمایکراو مەرج نیە نەخۆش بێت لە ڕووی دەروونیەوە بەڵکو دەکرێت کەسێک بێت کە هەندێک کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەبێت وە پێویستی بە هەندێک ڕێنمایی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانی.

٦ -هەندێ کەس پێیان وایە کە خزمەتگوزاری ڕێنمایکردن تەنها جەخت لەسەر کێشە هەڵچونیەکان دەکات ئەمیش ڕاست نیە چونکە خزمەتگوزاری ڕێنمایکردن گشتگیرە وە هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤ دەگرێتەوە چ لە بواری دەروونی بێت یان کۆمەڵایەتی یان هاوسەری یان پیشەیی یان خێزانی یان پیشەسازی یان وەرزشی یان پەروەردەیی.

٧-هەندێکجار خودی ڕێنماییکاری دەروونی بەهەڵە لە ڕۆڵی خۆی تێدەگات وە پێی وایە کە دەتوانێت هەموو کێشەیەک چارەسەربکات وە زۆرجار زیاترین ڕۆڵ دەبینێت لە پرۆسەی چاوپێکەوتن بە شێوازێک کە ڕێگەنادات ڕێنماییکراو خۆی بتوانێت لە کێشەکەی تێبگات وە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ بدات ( عبد العظیم، ٢٠١٣).

ڕێنماییکارانی دەروونی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەو گرفت دەبنەوە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنجامدانی کارەکانیان وەک نەبوونی هەماهەنگی لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە کاری تێدا دەکەن کە زۆرجار بەڕێوبەرانی قوتابخانەکان درک ناکەن بە گرنگی پرۆسەی ڕێنماییکردنی دەروونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان، و یان هەندێ جار خودی ڕێنماییکارانی دەروونی دەست دەخەنە هەندێک کاروباری قوتابخانە کە لە دەرەوەی بەرپرسیارێتی ئەوانە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لەنێوان ڕێنماییکاران و بەڕێوەبەری قوتابخانە، و یان هەندێکجار وە لە هەندێک قوتابخانە ژووری تایبەت بە ڕێنماییکاری دەروونی دابین ناکرێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێنماییکار نەتوانێت ئیش و کارەکانی بە باشی ئەنجام بدات.

یەکێکی تر لەو کێشانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی کاری ڕێنماییکارانی دەروونی بێتەوە دروست بوونی کێشەیە لە نێوان ڕێنمایکارانی دەروونی وە مامۆستایانی قوتابخانەکان ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە مامۆستاکان زۆرجار هەست دەکەن کە ڕێنماییکاری دەروونی هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام نادات لە قوتابخانە وە سەرەڕای ئەوەش ژووری تایبەت و پێگەی تایبەتی بۆ دابین دەکرێت لە قوتابخانە.

هەندێک جار ڕێنماییکاری دەروونی خۆی دەبێت بەسەرچاوەی کێشە نانەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی قوتابخانەکان ئەویش بەهۆی ئەوەی کە دەست دەخاتە هەندێک کاروبار کە پەیوەندی بە کاری ڕێنماییکردنی دەروونیەوە نیە وە زۆرجار لە دەرەوەی بەرپرسیارێتی ئەوانە.

گرفتێکی تر کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ڕێنماییکاری دەروونی ببێتەوە بریتیە لەوەی کە زۆرجار کەسوکاری قوتابیان لە گرنگی ڕۆڵی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی تێناگەن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوکار نەبن لەگەڵ ڕێنماییکاری دەروونی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکارەکانیان.

یەکێکی تر لە کێشە گرنگەکان کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کاروباری ڕێنماییکردن دروست دەکات نەبوونی ڕاهێنانێکی باش و دروستە بۆ خودی ڕێنماییکاران ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێنمایکارانی دەروونی شارەزاییان نەبێت لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کاروبارەکانیان لە قوتابخانەکان(ابو فارە، ٢٠١٩) .

جاسم(٢٠١١) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کاروباری ڕێنماییکاری پەروەردەیی دەبێتەوە لە قوتابخانە دواناوەندیەکانی ( پارێزگای بابل) جەخت دەکاتەوە لەسەر کۆمەڵێک دەرئەنجام کە لە لێکۆڵینەوەکە کەوتۆتەوە وە باس لە گرنگترین ئەو کێشانە دەکات یەکێک لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە باس لە ناوهوشیاری دەکەن لەبارەی ڕۆڵی ڕێنمایکردنی پەروەردەیی لەناو کۆمەڵگا بەگشتی وە لە ناو قوتابخانەکان بە تایبەتی. هەروەها لە دەرئەنجامێکی تردا باس لە لاوازی پەیوەندی نێوان ڕێنماییکاری دەروونی و کەس و کاری قوتابیان دەکات هەروەها لە دەرئەنجامێکی تردا باس لە تەرخان نەکردنی ژوورێکی تایبەت بە ڕێنماییکاری دەروونی دەکات . هەروەها لە کۆتا دەرئەنجامەکانیدا باس لە نا هەماهەنگی نێوان ڕێنماییکاری پەروەردەیی وە ستافی قوتابخانەکان دەکات.

دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی العامری(٢٠١٥) بە ناونیشانی (ڕێگریەکانی بەردەم ڕێنماییکردنی پەروەردەیی لە قوتابخانە دواناوەندیەکان لە ڕوانگەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی) ئاماژە بە کۆمەڵێک گیروگرفت دەکات کە دێتە ڕێی کاروباری ڕێنماییکردنی دەروونی و پەروەردەیی لەوانە نەبوونی پشتگیری باش لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ ڕێنماییکارە داهێنەرەکان هەروەها نەبوونی ژووری تایبەت بە ڕێنماییکاری دەروونی ، هەروەها ناچارکردنی ڕێنمایکاری پەروەردەیی بۆ ئەنجامدانی هەندێک کاروبار کە پسپۆڕی ئەو نیە هەروەها گرنگی نەدانی ڕێنمایکاری پەروەردەیی بەو توێژینەوانی کە پەیوەستە بە بواری پسپۆڕیەکەی یان هەوڵ نەدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەو بوارە هەروەها لاوازی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە بواری پسپۆڕی خۆی بەهۆی لاوازی ڕاهێنان و ڕێنمایکردنی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە قوتابخانەکانی خۆمان ئەوەیە کە زورێک لە توێژەرەکان بەردەوام گلەیی و گازندەیان هەیە بە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتن نیە بۆ ڕۆڵی گرنگی ئەوان لە پروسەی پەروەردە و فێرکردن لە لایەن هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بەو پروسەوە هەیە. و ئەمیش دەبێتە هۆکاری ڕووبەڕووبونەوەیان لە گەڵ کۆمەڵێک کێشە و گیر و گرفت کە دواجار

کاریگەری نەرێنی دەکات لەسەر ئەو ڕۆڵەی کە دەکرێت بیگێڕن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

هەروەها و بە گوێرەی گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەر تا ئێستا ئەم بوارە فرامۆش کراوە تەنانەت لە لایەن پسپوڕانی بواری توێژینەوە و لەوانەیە کەمترین توێژینەوە هەبێت لەسەر ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەریان هەیە لە سەر لاوازی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیە لە هۆکارەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی ڕێنمایکارانی دەروونی و پەروەردەی لە قوتابخانەکانی کوردستان لە ڕوانگەی خودی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە هەوڵێکی زانستیە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو گیرو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی کاروباری ڕێنمایکارانی دەروونی دەبێتەوە لە قوتابخانەکان وە دەبێتە هۆی کارانەبوونی ڕۆڵیان لە پرۆسەی ڕێنمایکردنی دەروونی و پەروەردەیی، کە دواجار کەلێنێکی گەورە دروست دەکات لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون لە قوتابخانەکانی کوردستان.

وزارەتی پەروەردە و دەزگا پەروەردەییەکان و هەروەها وزارەتی خوێندنی باڵا دەتوانن سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ببینن هەم بۆ ناسینەوەی گرنگترین هۆکارەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان و هەم بۆ دانانی پلانی چارەسەر بۆ نەهێشتنی ئەو گیر و گرفتانە. هەروەها توێژەران دەتوانن سوود لەم توێژینەوە ببینن وەک سەرچاوەیەک بۆ پروژەی توێژینەوەیان لە داهاتوو.

ڕێبازی توێژینەوە

توێژەر ڕێبازی وەسفی ڕۆپێویی بەکار هێنا، کە بریتی بوو لە دابەش کردنی فورمی ڕاپرسی لە بارەی گرنگترین ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی توێژەری دەرونی نەتوانێت بە باشی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە ناوەندەکانی خوێندن.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە کۆی توێژەرانی سنوری پەروەردەی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی(2020-2019) کە ژمارەیان(١٣٩) توێژەر بوون .

نمونەی توێژینەوەکە

نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ٧٩ توێژەر کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران لە قوتابخانە جیاوازەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان . نمونەکە بریتی بوو لە ٤٢ لە ڕەگەزی نێر و ٣٧ لە رەگەزی می،کە لە خشتەی خوارەوە بە وردی ڕوون کراوەتەوە.(خشتەی ژمارە ١)

خشتەی ژمارە ١(ڕەگەز)

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | male | 42 | 53.2 | 53.2 | 53.2 |
| | female | 37 | 46.8 | 46.8 | 100.0 |
| | Total | 79 | 100.0 | 100.0 | |

هەروەها بە پێی ساڵانی خزمەت، نمونەی توێژینەوەکە بەم شێوازەی خوارەوە دابەش ببوون وەک ئەوەی لە خشتەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.(خشتەی ژمارە ٢).

خشتەی ژمارە ٢( ساڵانی خزمەت)

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | 3 | 2 | 2.5 | 2.5 | 2.5 |
| | 4 | 9 | 11.4 | 11.4 | 13.9 |
| | 5 | 13 | 16.5 | 16.5 | 30.4 |
| | 6 | 13 | 16.5 | 16.5 | 46.8 |
| | 7 | 11 | 13.9 | 13.9 | 60.8 |
| | 8 | 8 | 10.1 | 10.1 | 70.9 |
| | 9 | 8 | 10.1 | 10.1 | 81.0 |
| | 10 | 5 | 6.3 | 6.3 | 87.3 |
| | 11 | 3 | 3.8 | 3.8 | 91.1 |
| | 14 | 1 | 1.3 | 1.3 | 92.4 |
| | 15 | 3 | 3.8 | 3.8 | 96.2 |
| | 18 | 1 | 1.3 | 1.3 | 97.5 |
| | 19 | 1 | 1.3 | 1.3 | 98.7 |
| | 21 | 1 | 1.3 | 1.3 | 100.0 |
| | Total | 79 | 100.0 | 100.0 | |

ئامرازی توێژینەوەکە

ئامرازی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ڕاپرسیەک کە لە لایەن توێژەر دروست کرابوو پاش خوێندنەوەی کۆمەڵێک سەرچاوە لەو بوارە. هەروەها ڕاوێژ کردن لە گەڵ کۆمەڵێک ماموستای پسپۆڕ لەو بوارە.

ڕاپرسیەکە پێک هاتبوو لە (١٩) برگە بۆ دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەروونی لە قوتابخانەکانی گەرمیان. لە بەرامبەر هەر برگەیەک ٥ هەڵبژاردە هەبوو کە بریتی بوو لە ( زور ڕازیم کە ٥ نمرەی پێبەخشرا)، ( ڕازیم کە ٤ نمرەی پێبەخشرا)، ( دلنیا نیم کە ٣ نمرەی پێبەخشرا)، (ناڕازیم کە ٢ نمرەی پێبەخشرا)، ( زور ناڕازیم کە ١ نمرەی پێبەخشراوە).

ڕاپرسیەکە دابەش کرا بوو بۆ ٥ پۆل کە بریتی بوون لە ( نمرەیەکی زور نزم کە پۆلەکەی لە نێوان (١- ١.٨٠ ) بوو، و نمرەیەکی نزم کە پۆلەکەی لە نێوان (١.٨١- ٢.٦٠ ) بوو، و نمرەیەکی ناوەند کە پولەکەی لە نێوان ( ٢.٦١- ٣.٤٠ ) بوو، و نمرەیەکی بەرز کە پۆلەکەی لە نێوان ( ٣.٤١- ٤.٢٠ ) بوو، و نمرەیەکی زور بەرز کە پولەکەی لە نێوان ( ٤.٢٠- ٥ ) بوو. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٣) دیارە.

خشتەی ژمارە ٣ ( پولبەندی نمرەکان)

| زور ڕازیم | ڕازیم | دلنیا نیم | ناڕازیم | زور ناڕازیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ – ١.٨١ | ١.٨١ – ٢.٦٠ | ٢.٦١ – ٣.٤٠ | ٣.٤٠ – ٤.٢٠ | ٤.٢٠ – ٥ |

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ئامرازەکە، ڕاپرسیەکە دابەش کرا بەسەر ٧ ماموستای پسپور لەو بوارە، بۆ زانینی گونجاوی و ڕوونی گشتگیری ڕاپرسیەکە .هەموویان کۆک بوون کە هەموو پرسیارەکانی ئامرازەکە گونجاوە بۆ ئامانجی توێژینەوەکە واتا بە ڕێژەی (١٠٠%). بۆیە توێژەر دڵنیا بوو لە ڕاستگۆی پێوانەکە.

بۆ جێگیری ڕاپرسیەکە دابەش کرا بەسەر 50 توێژەر وەک نمونەیەکی(pilot study) و ڕێگای جیگیری بە ڕێگای ڕێژەی کرونباخ ئەلفا بەکارهێنرا لە بەرنامەیspss . دەرئەنجامەکە ئەوەی دەرخست کە کرونباخ ئەلفای ڕاپرسیەکە بریتی بوو لە (٠.٨٦٦). کە ئەمەش ڕێژەیەکی پەسەند کراوە بۆ جێگیری ڕاپرسیەکە وەک ئەوەی لە خشتەی خوارەوە دیارە(خشتەی ژمارە ٣).

خشتەی ژمارە ٤ (جێگیری ڕپرسیەکە)

| Cronbach's Alpha | N of Items |
|---|---|
| .866 | 19 |

پاش دڵنیا بوون لە ڕاستگۆیی و جێگیری ڕاپرسیەکە، توێژەر هەستا بە دابەش کردنی فورمی ڕاپرسی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە.

ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

١-خوێندنەوەی چەندین لێکۆڵینەوەی ڕابردوو و سەرچاوەی تر لە بواری توێژینەوەکە.

٢-دەست نیشان کردنی سنوری توێژینەوەکە، کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە.

٣-گەشەپێدانی ئامرازێکی پێوانە کردن کە بریتی بوو لە ڕاپرسیەک کە پێک هاتبوو لە ١٩ پرسیار لە بارەی گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان.

٤-پیشاندانی ئامرازەکە بە کۆمەڵێک پسپۆڕ بۆ بریاردان لە سەر ڕاستگۆیی ڕاپرسیەکە لە پیوانە کردنی ئەوەی کە بۆی دانراوە.

٥-دڵنیا بوون لە گونجانی ناوەکی (internal consistency)و جێگیری ڕاپرسیەکە لە ڕگای بەکارهێنانی هاوکێشەی کرونباخ الفا.(Cronbach's alpha)

٦-جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە بۆ زانینی گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی کارا نەبوونی توێژەرە دەرونییەکان لە قوتابخانەکان.

٧-بە کارهێنانی ڕێگا ئامارییەکانی وەکfrequency) :، percent، Mean، St. Deviation، (one sample t.testبۆ وڵام دانەوە پرسیاری توێژینەوەکە.

٨-کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستنی لە خشتەی گونجاو.

٩-شیکردنەوە و گفتو و گۆ کردنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی زانستی.

١٠-پێشکەش کردنی کۆمەڵێک پێشنیار لە سەر بنەمای دەرئەنجامی توێژینەوەکە بە مەبەستی کارا کردنی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان.

بۆ دۆزینەوەی دەرئەنجامی کوتایی وڵامی نمونەی توێژینەوەکە بۆ پرسیارەکانی توێژینەوەکە سەبارەت بە هۆکارەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەروونی لە قوتابخانەکانی گەرمیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە، توێژەر هەستا بە ئەژمار کردنی هەر یەک لە ( ناوەندە ژمیریاری کێشکراو، لادانی پێوانەیی، پلەی پرسیار و ئاستی کاریگەری ئەو هۆکارە کە لە پرسیارەکەدا هاتووە.

دەرئەنجامەکان بەم شێوە بوو کە لە خشتەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە (خشتەی ژمارە ٥).

**خشتەی ژمارە ٥ ( ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و پلە و کاریگەری هەر بڕگەیەک)**

| ژ.-پرسیار | پرسیار | ناوەندی کێشکراو Mean | لادانی پێوانەیی Std. dev.. | پلەی پرسیارەکە | ئاستی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | توێژەری دەرونی لە ڕۆڵی خۆی بە باشی تێناگات | 2.92 | 1.23 | ١٨ | ناوەند |
| ٢ | کەسایەتی خودی توێژەر بۆ ئەم ڕۆڵە گونجاو نیە | 2.65 | 1.25 | 19 | ناوەند |
| ٣ | خولی ڕاهێنان بۆ کارا کردنی ڕۆڵی توێژەری دەرونی کەمە | 4.30 | 1.14 | 2 | زور بەرز |
| ٤ | ڕێنمایی گونجاو بۆ ئەنجام دانی کاری توێژەری دەروونی نیە | 3.96 | 1.13 | 11 | بەرز |
| ٥ | زانکۆ ڕۆڵی خۆی لە ئامادە کردنی توێژەری دەرونی نەگێڕاوە | 4.34 | 1.06 | 1 | زور بەرز |
| ٦ | ماموستای پسپور لە بابەتە سەرەکیەکانی دەروونناسی بە پێی پێویست نیە | 4.15 | 1.14 | 5 | زور بەرز |
| ٧ | خوێندکارانی بەشی دەروونناسی بە کۆمەڵێک بابەتی لاوەکی سەرقاڵ دەکرێن لە پروگرامی خوێندندا | 4.05 | 1.11 | 7 | بەرز |
| ٨ | پروگرامی پراکتیکی بۆ پەروەردەکردنی توێژەری دەروونی کەمە | 4.15 | 1.14 | 4 | زور بەرز |
| ٩ | بەڕێوەبەر و ماموستایانی قەتابخانە بە باشی لە ڕۆڵی توێژەری دەرونی تێناگەن | 3.77 | 1.19 | 14 | بەرز |
| ١٠ | خوێندکاران بە باشی لە ڕۆڵی توێژەری دەرونی تێناگەن | 3.41 | 1.3٣ | 16 | بەرز |
| ١١ | ئاستی هوشیاری خێزان لە بەرامبەر ڕۆڵی توێژەری دەرونی لاوازە | 3.82 | 1.16 | 12 | بەرز |
| ١٢ | دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەم تەرخمن لە ناساندنی گرنگی توێژەری دەرونی لە کۆمەڵگادا | 4.00 | 1.27 | 10 | بەرز |
| ١٣ | شوێن و کەرستەی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکانی توێژەری دەروونی بە پێی پێویست نیە | 3.82 | 1.30 | 13 | بەرز |
| ١٤ | لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئەم بوارە سوود وەرنەگیراوە | 4.06 | 1.26 | 6 | بەرز |
| ١٥ | هاندانی مەعنەوی بۆ توێژەری دەروونی بە پێی پێویست نیە | 4.02 | 1.19 | 8 | بەرز |
| ١٦ | ژمارەی توێژەری دەروونی بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی خوێندکاران گونجاو نیە | 4.02 | 1.26 | 9 | بەرز |
| ١٧ | توێژەر لە کارەکەی چێژ وەرناگرێ | 3.41 | 1.34 | 17 | بەرز |
| ١٨ | لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەدا پشتگیری یاسایی بۆ توێژەر بە پێی پێویست نیە | 3.75 | 1.25 | 15 | بەرز |
| ١٩ | دانانی توێژەر لە هەردوو ڕەگەز لە قوتابخانەکاندا ڕۆڵی توێژەر کارا تر دەکات | 4.27 | 1.09 | 3 | زور بەرز |
| | | 72.88 | 13.47 | | بەرز |

**خشتەی ژمارە ٦ (ڕێژەی سەدی کێش کراوی هەر پرسیارێک)**

| ژ. پرسیار | پرسیار | ڕێژەی سەدی کێشکراو | T.test | ئاستەی نمونەکە | پلەی پرسیارەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | توێژەری دەرونی لە ڕۆڵی خۆی بە باشی تێناگات | 58.4 | -.54 | دڵنیا نیم | ١٨ |
| ٢ | کەسایەتی خودی توێژەر بۆ ئەم ڕۆڵە گونجاو نیە | 53 | -2.41 | دڵنیا نیم | 19 |
| ٣ | خولی ڕاهێنان بۆ کارا کردنی ڕۆڵی توێژەری دەرونی کەمە | 86 | 10.09 | زۆر ڕازیم | 2 |
| ٤ | ڕێنمایی گونجاو بۆ ئەنجام دانی کاری توێژەری دەروونی نیە | 79.2 | 7.51 | ڕازیم | 11 |
| ٥ | زانکۆ ڕۆڵی خۆی لە ئامادە کردنی  توێژەری دەرونی نەگێڕاوە | 86.8 | 10.33 | زۆر ڕازیم | 1 |
| ٦ | مامۆستای پسپۆر لە بابەتە سەرەکیەکانی دەروونناسی بە پێی پێویست نیە | 81.6 | 9.09 | زۆر ڕازیم | 5 |
| ٧ | خوێندکارانی بەشی دەروونناسی بە کۆمەڵێک بابەتی لاوەکی سەرقاڵ دەکرێن لە پرۆگرامی خوێندندا | 81 | 8.34 | ڕازیم | 7 |
| ٨ | پرۆگرامی پراکتیکی بۆ پەروەردە کردنی توێژەری دەروونی کەمە | 83 | 8.94 | ڕازیم | 4 |
| ٩ | بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قەتابخانە بە باشی لە ڕۆڵی توێژەر ی دەرونی تێناگەن | 75.4 | 5.73 | ڕازیم | 14 |
| ١٠ | خوێندکاران بە باشی لە ڕۆڵی توێژەری دەرونی تێناگەن | 68.2 | 3.13 | ڕازیم | 16 |
| ١١ | ئاستی هوشیاری خێزان لە بەرامبەر ڕۆڵی توێژەری دەرونی لاوازە | 76.4 | 6.28 | ڕازیم | 12 |
| ١٢ | دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەم تەرخەمن لە ناساندنی گرنگی توێژەری دەرونی لە کۆمەڵگادا | 80 | 6.99 | ڕازیم | 10 |
| ١٣ | شوێن و کەرەستەی پێویست  بۆ ئەنجامدانی کارەکانی توێژەری دەروونی بە پێی پێویست نیە | 76.4 | 5.59 | ڕازیم | 13 |
| ١٤ | لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئەم بوارە سوود وەرنەگیراوە | 81.2 | 7.47 | ڕازیم | 6 |
| ١٥ | هاندانی مەعنەوی بۆ توێژەری دەروونی بە پێی پێویست نیە | 76.4 | 6.28 | ڕازیم | 8 |
| ١٦ | ژمارەی توێژەری دەروونی بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی خوێندکاران گونجاو نیە | 81.2 | 6.99 | ڕازیم | 9 |
| ١٧ | توێژەر لە کارەکەی چێژ وەرناگرێ | 68.2 | 2.75 | ڕازیم | 17 |
| ١٨ | لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەدا پشتگیری یاسایی بۆ توێژەر بە پێی پێویست نیە | 75 | 5.38 | ڕازیم | 15 |
| ١٩ | دانانی توێژەر لە هەردوو ڕەگەز لە قوتابخانەکاندا ڕۆڵی توێژەر کارا تر دەکات | 85.4 | 10.35 | زۆر ڕازیم | 3 |
| | کۆی گشتی | 76.71 | 10.48 | ڕازیم | |

سەبارەت بە پرسیاری یەکەمی توێژینەوەکە کە بریتی بوو لەوەی (توێژەری دەرونی لە ڕۆڵی خۆی بە باشی تێناگات). ئەم پرسیارە پلەی ١٨ هەمی وەرگرتبوو لە ریزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمیریاری (٢.٩٢) ، و لادانی پێوانەیی (١.٢٣) وەک ئەوەی لە خشتەی سەرەوە دیارە.

بەو پێیەش کەمینەیەکی کەمی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە( ٥٨.٤%) خشتەی ژمارە (٦). هاوڕان بە ڕادەیەکی کەم ئەوە یەکێک لە گرفتە گرنگەکان. و توێژەرەکان لە ڕۆڵی خۆیان تێدەگەن.

لەوانەیە هۆکاری ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە زانکۆکانی هەریمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی زورینەیەک لە خوێندکاران بە ناچاری و بە هۆی کەمی نمرەکەیان دێنە بەشی پەروەردەو دەروونناسی، ئەمیش کاریگەر دەبێت بۆ ئەوەی کە ئەو خوێندکارانە تەنها بە شێوەیەکی ڕۆتینی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن وەک توێژەری دەرونی لە قوتابخانەکان و هەوڵی ئەوە نەدەن کە لەو ڕۆڵە بە باشی تێبگەن.

بەڵام زورێک لە خوێندکاران پاش ئەوەی کە بە باشی ئاشنا دەبن بە گرنگی ئەو بەشە بۆ کۆمەڵگا و تەنانەت ژیانی تایبەتی خۆیان، هەوڵ دەدەن بە باشی لەو ڕۆڵە تێبگەن کە لە داهاتوو دەیگێڕن لە قوتابخانەکان( احمد و انور ،٢٠١٨).

سەبارەت بە پرسیاری دووەم کە بریتی بوو لەوەی کە (کەسایەتی خودی توێژەر بۆ ئەم کارە گونجاو نیە) ئەم پرسیارە پلەی ١٩ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٢.٦٥)، و لادانی پێوانەیی (١.٢٥)، وەک ئەوەی لە خشتەکەی سەرەوە دیارە.

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە بە هەمان شێوەی پرسیاری یەکەم زورینەیەکی بەرچاوی نمونەی توێژینەوەکە هاوڕا نین لە گەڵ ئەوەی کە نەشیاوی کەسایەتی توێژەرەکان هۆکارێکی زور کاریگەر بێت بۆ کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان. ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ئەم هۆکارە گرنگە تەنها (٥٣%) خشتەی ژمارە(6)

وەک ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد پاش ئەوەی خوێندکار دێتە ئەم بەشە و لە گرنگی و سوودەکەی تێ دەگات، زورێک لەو خوێندکارانە هەوڵی ئەوە دەدەن پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی بین بە توێژەرێکی سەرکەوتوو. بەو شێوەش هەوڵی بونیادنانی هەندێک تایبەتمەندی کەسایەتی دەدەن کە بگونجێت بۆ کاری توێژەری( احمد و انور ،٢٠١٨).

بۆ پرسیاری سێیەم کە بریتی بوو لەوەی کە (کەمی ئەو خولانەی کە دەکرێنەوە بۆ کارا کردنی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی لاوازی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان).

ئەم پرسیارە پلەی ٢ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٣٠)، و لادانی پێوانەیی (١.١٤)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە.

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە زورینەیەکی بەرچاو(٨٦%) خشتەی ژمارە (٦) هاوڕان لە گەڵ ئەوەی کە کەمی خولەکانی ڕاهێنان بۆ گەشە پێدانی ڕۆڵی توێژەران یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی لاوازی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان.

عمر(١٩٩٢) جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی توێژەر ئامادە بکرێت بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە بوارەکەی خۆی پێویستە بە شێوەیەکی زور باش ڕاهێنانی پێ بکرێت بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە لە ڕێگای کردنەوەی خولی ڕاهێنانی باش بۆ گەشە پێدانی توانانکانی توێژەرە دەرونیەکان، چی لە ڕووی تایبەتمەندی کەسایەتیەوە بێت یاخود لە ڕووی توانای زانستی و مەعریفی.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زانکۆکانی خۆمان زور بە کەمی خولی ڕاهێنان بۆ توێژەرانی دەرونی دەکرێتەوە بۆ گەشە پێدانی ڕۆڵیان لەو بوارە. هەروەها پاش دەرچونیان و دامەزراندنیان لە قوتابخانەکان، دیسانەوە زور کەم تەرخەمی هەیە لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆیان.

زورینەی نمونەی توێژینەوەکە ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە کەم تەرخەمی هەیە لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆیان.

سەبارەت بە پرسیاری چوارەم کە بریتی بوو لەوەی کە (ڕێنمایی گونجاو بۆ ئەنجام دانی کاری توێژەری دەروونی نیە) ئەم پرسیارە پلەی ١١ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٩٦)، و لادانی پێوانەیی (١.١٣)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە زورینەی نمونەی توێژینەوەکە (٧٩.٢%) خشتەی ژمارە (٦) هاوڕان کە ئەمە یەکێکە لە کێشە گرنگەکان.

گومان لەوە دا نیە بوونی پەیرەوی کار بۆ هەر پیشەیەک زور گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن، و نەبوونی ئەو پەیرەوە کاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر کوالتی ئەو خزمەت گوزاریانەی ئەو کەسانە پێشکەشی دەکەن.

وەک ئەوەی زورینەی نمونەکە پشت ڕاستی دەکەنەوە و بە گوێرەی زانیاریەکانی توێژەر تا ئێستا پەیرەوێکی توکمە نیە بۆ کاری توێژەری لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە پرسیاری پێنجەم کە بریتی بوو لەوەی کە (زانکۆ ڕۆڵی خۆی لە ئامادە کردنی توێژەری دەرونی نەگێڕاوە) ئەم پرسیارە پلەی ١ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٣٤)، و لادانی پێوانەیی (١.٠٦)، وەک ئەوەی لە خشتەکەی سەرەوە دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە زورینەیەکی ڕەها (٨٦.٨%) خشتەی ژمارە (٦)، پشت ڕاستی دەکەنەوە کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە زور گرنگەکان.

ابو عەتیە(٢٠٠٢) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو فێرکردن و ڕاهێنانە کە بە توێژەری دەرونی دراوە لە کاتی خوێندنی ئەکادیمی کاریگەری گەورەی دەبێت لە سەر ئاست و کوالتی ئەو خزمەت گوزاریانەی کە پاشان دەتوانێت پێشکەشی بکات لە چوارچێوەی پیشەکەی و ڕۆڵەکەی وەک توێژەری دەرونی و پەروەردەیی(ابو یوسف،٢٠٠٨).

ئەوەی تێبینی دەکرێت و وەک ئەوەی زورینەی نمونەی توێژینەوەکەش هاوڕان لە گەڵی زانکۆکانی خۆمان زور لاوازی تێدایە لە پێگەیاندنی توێژەری دەرونی و پەروەردەیی باش.

سەبارەت بە پرسیاری شەشەم کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە (نەبوونی ماموستای پسپۆڕ لە بابەتەکانی دەروونناسی لە زانکۆکان تا چەند هۆکارە بۆ کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان، ئەم پرسیارە پلەی ٥ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.١٥)، و لادانی پێوانەیی (١.١٤)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

بە پێی خشتەی سەرەوە زورینەیەکی بەرچاو (٨١.٦%) خشتەی ژمارە (٦) ، پێیان وایە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان.

بۆ پرسیاری حەوتەم کە ئایە تا چەند سەرقاڵ کردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردە و دەروونناسی بە بابەتی لاوەکی دور لە پسپوریەکەی خۆیان لە کاتی خوێندن لە زانکۆ هۆکارە بۆ کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان. ئەم پرسیارە پلەی ٧ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٠٥)، و لادانی پیوانەیی (١.١١)، وەک ئەوەی لە خشتەکەی سەرەوە دیارە

بۆ ئەم پرسیارەش زورینەی نمونەکە (٨١%) خشتەی ژمارە (٦)، پێیان وایە ئەمیش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی کارا نەبونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان.

زور جار نەبوونی پلانی تۆکمە و پروگرامی گونجاو بۆ فێرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردە و دەروونناس و سەرقاڵ کردنی خویندکار بە بابەتی لاوەکی کە دووره لە پسپۆڕی توێژەر یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی لاوازی ئەو ڕۆڵەی کە دواجار لە قوتابخانەکان دەیگێڕن (العاجز، ٢٠٠١).

پرسیاری هەشتەم کە تایبەت بوو بەوەی کە تا چەند نەبوونی وانەی پراکتیکی بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران لە سەر کاری توێژەری لە سەردەمی خوێندنی زانکۆیی هۆکارە بۆ کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان. ئەم پرسیارە

پلەی٤ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.١٥)، و لادانی پێوانەیی (١.١٤)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

زورینەیەکی ڕەها لە نمونەی توێژینەوەکە (٨٣% ) خشتەی ژمارە (٦)، بۆچوونیان وایە کە ئەم هۆکارەش سەرەکیە لە کار نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان.

لایەنی تیوری هەر پروگرامێکی خوێندن چەند گرنگ بێت بە ئەندازەی ئەوە لایەنە پراکتیکیەکەی گرنگە بۆ ئامادەکردنی فێرخوازێکی بە توانا. بە تایبەت بۆ توێژەرانی دەرونی ڕاهینان لە سەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری دەرونی و پەروەردەیی بە شێوەیەکی پراکتیکی کاریگەری گەورەی دەبێت لە سەر کارا بوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان (العاجز، ٢٠٠١) .

سەبارەت بە پرسیاری نویەم کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە کە تا چەند تێنەگەشتنی بەڕێوەبەر و ماموستایانی قوتابخانە ڕۆڵی هەیە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی. ئەم پرسیارە پلەی ١٤ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٧٧)، و لادانی پیوانەیی (١.١٩)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەی نمونەی توێژینەوەکە (٧٥.٤%) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە تێنەگەشتنی بەڕێوەبەر و ماموستاکانی قوتابخانەکان ڕۆڵی هەیە لە کارا نەبوونی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان.

عوض(٢٠٠٣) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (ئاراستەی بەرێوەبەرانی قوتابخانە حکومییەکانی پارێزگای غەزە لە بەرامبەر ڕێنمایی دەرونی و پەروەردەیی)، جەخت لە گرنگی ئاراستەی بەرێوەبەر و ماموستاکان دەکات بۆ ئاسانکردن و کارابوونی ڕۆلی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکانیان.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە ئەوەیە کە بەڕێوەبەر و ماموستاکان بە باشی ڕۆڵی توێژەر نانرخێنن کە ئەمیش کاریگەر دەبێت بۆ کارا نەبوونی توێژەرەکان لە کارەکانیان.

سەبارەت بە پرسیاری دەیەم کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە تا چەند تێنەگەشتنی خوێندکاران لە ڕۆڵی توێژەری دەرونی ڕۆڵی هەیە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان. . ئەم پرسیارە پلەی ١٦ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٤١)، و لادانی پیوانەیی (١.٣٣)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە .

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەیەکی بەرچاو(٦٨.٢%) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە ئەم هۆکارەش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە کارا نەبوونی توێژەران.

تێنەگەشتنی خوێندکاران لە ڕۆڵی توێژەری دەرونی و پەروەردەیی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەو ڕۆڵە لە چوارچێوەی پروسەی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها سەرقالڕکردنی توێژەران بە کاروباری بەرێوەبەرایەتی کە دووره لە پسپوریەکەیان( مێلح، ١٩٩٨).

بۆ پرسیاری یازدە کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە تا چەند نزمی ئاستی هوشیاری خێزانەکانی خوێندکاران ڕۆڵی هەیە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان.

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەیەکی بەرچاوی توێژینەوەکە(٤١.٨ ڕازیم).(٣١.٦ زور ڕازیم) لە گەلڕ ئەوەن کە ئەم هۆکارەش رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە لاوازی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان. . ئەم پرسیارە پلەی ١٢هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٨٢)، و لادانی پێوانەیی (١.١٦)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە.

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەیەکی بەرچاو(٧٦.٤%) خشتەی ژمارە (٦)،هاوڕان کە ئەم هۆکارەش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە کارا نەبوونی توێژەران.

بە بۆچوونی الخگیب (٢٠٠٠) هەموو پروگرامێکی ڕێنمایی دەرونی دەبێت بە هەماهەنگی بێت لە نێوان ڕێنماییکار و بەرێوەبەر وماموستاکان و دایک و باوکی فێرخوازەکان. واتا کەس و کاری فێرخوازەکان دەبێت ڕۆڵێکی کارایان هەبێت لە هەر پلانێکی کارکردن لە بواری ڕێنمایی دەرونی و پەروەردەیی، ئەگینا ئەو بەرنامانە سەرکەوتوو نابن لە بە دیهێنانی ئامانجەکانیان ( عوج، ٢٠٠٣).

کەس و کاری خوێندکارەکانیش بۆ ئەوەی بەشداریەکی کارا بکەن پێویستە هوشیار بن بە ڕۆڵی ڕێنماییکاری دەرونی و پەروەردەیی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان.

سەبارەت بە پرسیاری دوازدە کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە تا چەند کەم تەرخەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە بارەی گرنگی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان کاریگەری هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان. ئەم پرسیارە پلەی ١٠هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٠٠)، و لادانی پیوانەیی (١.٢٧)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە.

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەیەکی بەرچاو لە نمونەی توێژینەوەکە(٨٠%) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان.

رمح (١٩٨٦) لە توێژینەوەیەکدا لە بارەی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر کاری ڕێنمایی دەرونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان ئاماژە بە کەم تەرخەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات لە هوشیار

کردنەوەی خەڵک بە گرنگی پروگرامەکانی ڕێنمایی دەرونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان و وەک هۆکارێک ئاماژەی بۆ دەکات بۆ کارا نەبونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان ( عوج، ٢٠٠٣).

سەبارەت بە پرسیاری سیازدە کە تایبەت بوو بەوەی کە ئایە نەبوونی شوێنی گونجاو و داین نەکردنی کەرەستەی پێویست بۆ کاری توێژەران ڕۆڵی هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان. ئەم پرسیارە پلەی ١٣هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٨٢)، و لادانی پیوانەیی (١.٣٠)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە ڕوونە زورینەیەکی بەرچاو لە نمونەی توێژینەوەکە(٧٦.٤) خشتەی ژمارە (٦)، لە گەڵ ئەوەن کە ئەم هۆکارە ڕۆڵی هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان.

جاسم(٢٠١١) لە توێژینەوەیکدا بە ناونیشانی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کاری ڕێنمایی پەروەردەیی دەبێتەوە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پارێزگای بابل، ئاماژە بەوە دەکات کە داین نەکردنی شوێنی گونجاو و پێداویستی گونجاو بۆ کاری توێژەری پەروەردەیی کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان.

سەبارەت بە پرسیاری چواردە کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە هەوڵ نەدان بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتانی تر لەم بوارە ڕۆڵی هەبووە لە لاوازی ڕۆڵی توێژەرانی قوتابخانەکانی خۆمان. ئەم پرسیارە پلەی ٦ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٠٦)، و لادانی پیوانەیی (١.٢٦)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەی نمونەی توێژینەوەکە(٨١.٢%) خشتەی ژمارە (٦)، لە گەڵ ئەوەن کە سوود وەرنەگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر ڕۆڵی هەبووە لە کارا نەبوونی رۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکانی خۆمان.

سەبارەت بە پرسیاری پازدە کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە نەبوونی هاندانی مەعنەوی بۆ کاری توێژەری دەرونی تاچەند هۆکار بووە بۆ کارا نەبوونی ڕۆڵیان لەو بوارە. ئەم پرسیارە پلەی ٨ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٠٢)، و لادانی پیوانەیی (١.١٩)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە ڕێژەیەکی بەرز لە نمونەی توێژینەوەکە(٧٦.٤%) خشتەی ژمارە (٦) ، هاوڕان کە ئەمیش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان.

لە توێژینەوەیەکی وزارەتی پەروەردەی عیراق (١٩٨٨) هاتووە کە بە بێ بوونی هاندانێکی باش بۆ توێژەرانی دەورنی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان ئەستەمە ڕۆڵیان کارا بێت لە کاری توێژەری جاسم.(2011)

بۆ پرسیاری شازدە کە تایبەت بوو بەوەی کە تا چەند کەمی ژمارەی توێژەری دەرونی بە بەراورد بە ژمارەی خوێندکاران لە قوتابخانەکان ڕۆڵی هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵیان. ئەم پرسیارە پلەی ٩ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٠٢)، و لادانی پیوانەیی (١.٢٦)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە ڕوونە کە زورینەیەکی بەرچاو (٨١.٢) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە ئەم هۆکارەش ڕۆڵی هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان.

کەمی ژمارەی توێژەران لە قوتابخانەکان ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانی توێژەرەکان وبە هۆی زور ژمارەی خوێندکاران، ئەمەش لەوانەیە ببێت هۆی توش بوونی خودی توێژەر بە چەندین گرفتی دەرونی وەک سوتانەوەی دەرونی.

سەبارەت بە پرسیاری حەڤدە کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە تا چەند توێژەر بە هۆی چێژ وەرنەگرتنی لە کار و پیشەکەی هۆکارە بۆ کارا نەبوونی وەک توێژەری دەرونی. ئەم پرسیارە پلەی ١٧هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٤١)، و لادانی پیوانەیی (١.٣٤)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت زورینەیەکی بەرچاو لە نمونەی توێژینەوەکە(٦٨.٢) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە ئەمیش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان.

چێژ وەرگرتن لە کار و پیشە فاکتەرێکی گرنگە بۆ توێژەر بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کارا بگێرێت، بەڵام وڵامی زورینەی نمونەی توێژینەوەکە ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە زورێک لە توێژەران چێژ لە کارەکانیان وەرناگرن بە هۆی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە کە باس کران، و ئەمەیش دەبێتە هۆکارێک بۆ کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان.

سەبارەت بە پرسیاری هەژدە کە بریتی بوو لەوەی کە تا چەند نەبوونی پشتگیری یاسایی بۆ کاری توێژەران ڕۆڵی هەیە لە کارا نەبوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان. ئەم پرسیارە پلەی ١٥هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٣.٧٥)، و لادانی پیوانەیی (١.٢٥)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە.

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە نمونەی توێژینەوەکە(٧٥%) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە ئەم هۆکارەش ڕۆڵی هەبووە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرانی دەروونی لە قوتابخانەکان.

بوونی یاسای کارکردن کە هەم مافی ئەوانە دەپارێزێت کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، و هەم مافی ئەوانەی خزمەت گوزاریان پێ پێشکەش دەکرێت، هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی ئەوەی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بەرچاوی ڕوون بێت لە یاسا و ڕێسا کاراکان لەو ولاتە، بۆ نەبەزاندنی ئەو یاسایانە لە لایەک و بۆ زانینی ماڤەکانی خۆی لە لایەکی تر. ئەمە وا لە توێژەرەکان دەکات هەست بە متمانە و باوەڕ بەخۆ بوون بکەن لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانیان و هەست بە پالپشتی یاسای بکەن بۆ کارەکەیان.

بۆ پرسیاری نوزدە کە بریتی بوو لەوەی کە ئایە دانانی توێژەری دەرونی لە هەردوو ڕەگەز لە قوتابخانەکان تا چەند ڕۆڵی دەبێت لە کارا کردنی ئەو ڕۆلی توێژەرانی دەرونی لە قوتابخانەکان. ئەم پرسیارە پلەی ٣ هەمی وەرگرتبوو لە ڕیزبەندی برگەکانی ڕاپرسیەکە بە ناوەندە ژمێریاری (٤.٢٧)، و لادانی پیِوانەیی (١.٠٩)، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە

لە خشتەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە زورینەی نمونەی توێژینەوەکە(٨٥.٤%) خشتەی ژمارە (٦)، هاوڕان کە دانانی توێژەر لە هەردوو ڕەگەز لە قوتابخانەکان کاریگەر دەبێت بۆ کارا کردنی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی.

دیارە کوردستان بە هۆی ئەو داب و نەریتەی کە تێیدا باوە کە زور جار پێی وایە عەیبەیەکی گەورەیە ڕەگەزی مێ کێشەکانی بۆ ڕەگەزی نێر باس بکات و یان پەنای بۆ ببات بۆ چارەسەر ، هەروەها پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە کە پێی وایە عەێبەیەکی گەورەیە ڕەگەزی نێر باسی کێشەکانی خۆی بۆ ڕەگەزی مێ بکات. ئەمەش ئەوە ئەسەپێنێت کە دانانی توێژەری دەرونی و پەروەردەیی لە قوتابخانەکان لە هەردوو ڕەگەز بێت، بۆ ئەوەی خوێندکاران لە هەردوو ڕەگەز بواریان هەبێت بۆ سەردانی ئەو کەسەی کە پێیان خۆشە لە هەردوو ڕەگەزەکە. و ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ کار کردنی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان.

سەرئەنجام

بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و بە پێی وڵامی زورینەی نمونەی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە (٧٦.٧١%) خشتەی ژمارە (٦)، زوربەی کێشە و گرفتەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە کارا نەبوونی ڕۆڵی توێژەرەکان لە قوتابخانەکان. ناوەندە ژمێریاری کێشکراو بۆ کۆی ڕاپرسیەکە بریتی بوو لە (٧٢.٨٨) و بە لادانی پێوانەیی (١٣.٤٧) خشتەی ژمارە (٥).

بۆیە توێژەر ئەم پیشنیارانە دەخاتە ڕوو بۆ زیاتر کارا کردنی ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی سنوری گەرمیان.

**پێشنیارەکان:**

١.کردنەوەی خولی زیاتر و جوراوجور بۆ زیاتر کارا کردنی ڕۆڵی توێژەران لە قوتابخانەکان.

٢.دانانی پەیڕەوێکی باش و سەردەمیانە بۆ کاری توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی، و هەروەها هاندانی پسپوڕانی ئەو بوارە بۆ نوسینی کتێب و پەرتۆک لە سەر کاری توێژەری بۆ ئەوەی توێژەران سوودی لێ وەربگرن بۆ کارا کردنی ڕۆلیان و بەرزکردنەوەی کوالیتی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن.

٣.قۆناغی یەکەم لە گەشتی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەرەو کاری توێژەری زانکۆیە، بۆیە بوونی پروگرامی باش و توکمە و بوونی پسپور لە هەموو بوارەکان بە تایبەت ئەوانەی تایبەتن بە کاری توێژەری و سەرقالڕ نەکردنی خۆ]ندکاران بە بابەتی لاوەکی، هەموو ئەوانە دەبنە مایەی بە هێز کردنی تواناکانی فێرخوازەکان لە بواری توێژەری و پاشان کارا بوونی ڕۆڵیان لە قوتابخانەکان.

٤.بە پێی زورێک لە توێژینەوەکان کاری توێژەری کارێکی دەستە جەمعیە لە نێوان توێژەرەکان و بەڕێوەبەر و ماموستاکانی قوتابخانەکان و خوێندکاران و باوک و دایکی خوێندکاران و تەواى کۆمەڵگایە. بۆیە هوشیارکردنەوەی هەموو ئەو لایەنانە ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە کارا کردنی ڕۆڵی توێژەرەکان لە قوتابخانەکان.

٥. زیاد کردنی وانە پراکتیکیەکان و گرنگی دانی تەواو بەو وانانە، چونکە تەنها لایەنی تیوری بەس نیە بۆ ئامادە کردنی توێژەرێکی باش.

٦.زیاد کردن و فراوان کردنی ئەو بەرنامانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشکەش دەکرێن لەسەر گرنگی تەندروستی دەرونی و شەرم نەکردن لە وەرگرتنی ڕینمایی و چارەسەری دەرونی لە کاتی پێویست، کە ئەمەش کار ئاسانیەکی زور دەکات بۆ توێژەرەکان بۆ ئەنجام دانی کارەکەیان بە شێوەیەکی کارا.

٧.پیویستە لە هەر قوتابخانەیەک شوێنی گونجاو و پێداویستی گونجاو بۆ توێژەری دەرونی و کۆمەڵایەتی دابین بکرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی کارەکانیان ئەنجام بدەن.

٨.هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ولڕاتانی تر لەم بوارە، و دروست کردنی پەیوەندی لە گەلڕ ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئەو وڵاتانە و ناردنەدەرەوەی توێژەران بۆ بەشداری کردن لە خولڕ و ڕاهینانەکان کە لە وڵاتانی دەرەوە ئەنجام دەدرێن.

٩.ژمارەی توێژەرەکان لە قوتابخانەکان بۆ ژمارەی خوێندکاران دەبێت بە پێی ستاندردە جیهانیەکان بێت بۆ ئەوەی توێژەرەکان بتوانن بە باشی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

١٠.هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە کاری توێژەریوە هەیە بە شێوەیەکی سەردەمیان و بە شێوەیەک کە پاڵپشت بێت بۆ کاری توێژەرەکان.

١١.دانانی توێژەری دەرونی لە هەردوو ڕەگەز لە قوتابخانەکان بۆ ئەوە چیتر خۆێندکار شەرم نەکات لە سەردانی توێژەرێک کە لە ڕەگەزی خۆی نیە.

سەرچاوەکان:-

ابو زعیزع، عبدالله( ٢٠٠٩). اساسیات الارشاد النفسي و التربوي، بین النظریة و التطبیق. دار یافا العلمیة للنشر و التوزیع، عمان، الاردن، ط١.

ابو فارة، حازم سميح(٢٠١٩). المعيقات التي يواجهها المرشدون النفسيون العاملون في مدارس محافظة الخليل وسبل التغلب عليها. قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتطلبات نيل درجة الماجستير في التوجيه واإلرشاد النفسي بكلية الدراسات العليا والبحث العلمي في جامعة الخليل.

ابو يوسف، محمد جدوع (٢٠٠٨) فعالية برنامج تدريبي لتنمية المهارات الإرشادية لدى المرشدين النفسيين في مدارس وكالة الغوث بقطاع غزة. رسالة ماجستير مقدمة لقسم علم النفس بكلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة.

احمد، زكريا عبد ; انور،تورغود احمد (٢٠١٨). الأداء الوظيفي وعلاقته ببعض سمات الشخصية لدى المرشدين التربويين. مجلة كلية القلم، الجامعة، كركوك، العدد٤.

جاسم، زينب كاظم(٢٠١١). المشكلات التي تواجه عمل المرشد التربوي في المدارس الثانوية في محافظة بابل. مجلة جامعة بابل، العلوم الانسانية، المجلد ١٩، العدد ٢.

الحريري، رافدة ; الامامي، سمير(٢٠١١). الارشاد التربوي و النفسي في المؤسسات التعليمية، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

الشرفا، عبير فتحي; دخان، نبيل كامل(٢٠١١). الذات المهنية للمرشدين النفسيين في العمل الإرشادي التربوي بقطاع غزة. رسالة ماجستير مقدمة لقسم علم النفس بكلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة.

العاجز، فؤاد علي(٢٠٠١). الإرشاد التربوي في المدارس الأساسية العليا والثانوية بمحافظات غزة واقع ومشكلات وحلول.مجلة الجامعة الاسلامية، المجلد التاسع، العدد الثاني، ص١-ص٥٧.

العامري، جعفر صادق عبيد (٢٠١٥). معوقات اإلرشاد التربوي في المدارس الثانوية من وجهة نظر المرشدين التربويين. مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد١، حزيران.

عبد العظيم، حمدي عبدالله( ٢٠١٣). مهارات التوجيه و الارشاد، في المجال المدرسي. مكتبة اولاد الشيخ للتراث، الجيزة، مصر، ط١.

العبيدي، محمد جاسم; العبيدي، الاء محمد( ٢٠١٠). الارشاد و التوجيه النفسي.ديبنو للطباعة و النشر و التوزيع، عمان، الاردن، ط١.

عمر، ماهر محمود (١٩٩٢ :(المقابلة في الإرشاد والعلاج النفسي، الطبعة الأولي، دار المعرفة الجامعية، الفنية للطباعة والنشر، الإسكندرية، مصر.

عوض، احمد محمد(٢٠٠٣). اتجاهات مديري المدارس الحكومية بمحافظات غزة نحو الإرشاد التربوي

عوض، احمد محمد(٢٠٠٣). اتجاهات مديري المدارس الحكومية بمحافظات غزة نحو الإرشاد التربوي وعلاقتها بأداء المرشد التربوي. رسالة ماجستير مقدمة لقسم علم النفس بكلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة.

غيث، سعاد منصور محمود(٢٠١٨). تدخالت اإلرشاد األسري في سياق المدرسة: معتقدات المرشدين المدرسيين حوله وتوجهاتهم النظرية والتحديات التي تواجههم. مجلة الدراسات النفسية و التربوية، جامعة السلطان قابوس، مجلد ١٢، عدد ٢، ص٣٥٥- ص٣٧٨.

غيث، سعاد منصور محمود(2018). تدخلات الإرشاد الأسري في سياق المدرسة : معتقدات المرشدين المدرسيين حوله و توجهاتهم النظرية و التحديات التي تواجههم. مجلة الدراسات التربوية و النفسية، جامعة السلطان قابوس كلية التربية، سلطنة عمان، المجلد ١٢، العدد ٢ ( ص ص. ٣٥٥-٣٧٨).

مصلح، معتصم عزيز نمر(١٩٩٨). توقعات المعلمين والطلبة لدور المرشد التربوي في محافظتي سلفيت ونابلس. رسالة ماجستير في التربية مقدمة بكلية العلوم التربوية في جامعة النجاح الوطنية، نابلس.

نبهان، سعيد عمر(٢٠١٥). مدى امتالك المرشد التربوى للمهارات اإلرشادية فى التعامل مع األزمات بالمدارس الحكومية بمحافظات غزة. رسالة ماجستير مقدمة لقسم علم النفس بكلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة .وعلاقتها بأداء المرشد التربوي. رسالة ماجستير مقدمة لقسم علم النفس بكلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة.

## ملخص البحث

هدفت الدراسة الى التعرف على أهم الأسباب التي تلعب دورا في عدم فاعلية دور المرشدين النفسيين و الاجتماعيين. وتكون مجتمع الدراسة من المرشدين النفسيين و الاجتماعيين في حدود مديرية تربية كرميان( الابتدائية و المتوسطة و الاعدادية). و بلغت عينة الدراسة (٧٩) مرشد من كلا الجنسين. حيث تم اختيارهم بطريقة العشوائية البسيطة. قام الباحث ببناء مقياس مكون من (١٩) لغرض جمع المعلومات من عينة البحث. و بعد التأكد من صدق المقياس حيث كانت نسبة اتفاق الخبراء بنسبة(١٠٠%)، و التاكد من ثبات المقياس حيث كانت النسبة(866.). استخدم المقياس لجمع المعلومات من عينة البحث. تم استخدام برنامج spss النسخة ٢٣ لغرض تنظيم و تصنيف و تحليل البيانات. توصلت الدراسة وحسب اراء الاكثرية من عينة البحث حوالي(76.71%) منهم، الى ان جميع الاسباب التي تظمنها الاستبيان لعبت دورا كبيرا في تقليل فاعلية الدور الذي يلعبه المرشدون النفسيون و الاجتماعيون في مدارس كرميان.

## Abstract:

This study aimed to identify the most important factors that play a role in the ineffectiveness of the role of psychological counselor. The research community consisted of all the researchers in the schools bordering the General Directorate of Education of Garmian (Primary, Secondary, High School). The research sample consisted of 79 psychological counselors of both sexes. The researcher used the questionnaire as a tool to gather information from the research sample. After verifying the validity and reliability of the scale، it was use it to collect information from the research sample. The researcher used the statistical package for social sciences spss

version 23 to organize, classify and analyze data. The study concluded that according to the majority of the study samples (76.71%), Most of the reasons mentioned have played a major role in the lack of role of psychological and social researchers in Garmian schools.